# پرۆژەیەك بۆ سكالاّ.

**تەها نەمین هەڵەدنی**

ئەگەر چی کە ڕوسەکان تورەدەبن، یا بە چاو سووکی تەماشای یەکێک بکەن ئەڵێن دوراگ کاک تورک، واتە:کەر وەک تورک.

فارسەکانیش بە هەمان واتا پەندێکیان هەیە لە کاتی تورەبونیاندا بەیەکتری ئەڵێن مسلی تورک خەر، واتە هێندە کەرە ئەڵێی تورکە.

هەرچەند کورد وەک نەتەوە ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە سوکایەتی بە گەلێکی کە بکا، هەرچەند شایستەش بوایە.

کورد وەک نەتەوە لە زۆربەی ناوچەکەو جیهانیش وەک گەلێکی مرۆڤ دۆستتوو پالەوان ناسراوە، تا ئێستاش دەستی لە کۆمەڵکوژیدا نیە.

هاوکار بنیاد نانی شارستانیەکانی کردوەو زۆربەی شارستانیەکان لە ماڵی کوردا یا دراوسێکیندا سەریهەڵداوە پێش هاتنی عەرەب637 ز هەروەها هاتنی تورک 907 ز.

بە هاتنی ئەو دوونەتەوە تەواوی شارستانیەکان ڕوخێنران و بەهاتنینان کلتووری کوشتن برین و تاڵانیان لە ناوچەکەدا بڵاوکردەوە. خۆیان بونە خاوەن ماڵو خاوەن ماڵیش بوو بە بێگانەو تورکی کێوی.

هێشتا کورد وەک ڕوسوو فارس بەچاوی سووک سەرنجی نەداون.

بەڵام ئەوان نەک هەر بە ژێر لێوەوە بەڵکوو بە ئاشکرا لە تەوێڵی ڕۆژنامە بێئابڕوەکانیانەوە دەڕشێنەوە.

ڕۆژنامەی ستاری20030529 بە بێ پێچوو پەنا نووسی پارێزگاری کەرکورد.

لەدوای ئەو ڕشانەوەی ڕۆژنامەی ستاردا لە کوردوستانی باکوور بەتوندی شەرمەزار کرا.

هەوەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستانیشدا بە هەمانشێوە ستار پرۆتێستکرا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە کە ستار سووکایەتی بە تەواوی گەلی کورد کردوە، لە دەستووری نێونەتەوەیدا بە کارێکی تاوان دەژمێردرێ و پێدەوتری .دیسکرمینێرینگ Diskrimnering

واتا:ئێمەی کورد بەپێی یاسا مافمانە سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەی ستار بنووسین.

ئومێد دەکەم کە یەکێک لە ماڵپەڕەکان هەستن بە کۆکردنەوەی دەنگو یەکێک هەستێ بە تۆمارکردنی سکاڵاکەمان لە بارەگای دیسکریمینێرینگ ۆمبودسمان. Diskrimineringombudsman

لەبەر ئەوەی بەڵگەمان لەدەسدایە تەنها گەیاندنی سکاڵاکەمان ماوەو دڵنیاشم سکاڵاکە دەبەینەوە.

ئیتر ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموومانە بێ جیاوازی، چونکە ڕۆژنامەی ستار جیاوازی نەکردوە، کەسی لێبەدەر نەکردوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**